دەزگای ئاسایشی نیشتیمانی: هەڵشکردنە سەر بارەگاکەمان تەنها زیانی ماددی لێکەوتەتەوە

دەزگای ئاسایشی نیشتیمانی ئەمڕۆ هەینی ڕایگەیاند، لەلایەن گروپە لەیاسا دەرچووەکانەوە هێرشکراوەتەسەر بارەگاکەیان لە بەغدای پایتەخت و زیانی گیانی نەبووە، تەنها زیانی ماددی لێکەوتەتەوە. ئەرشەد حاکم، وتەبێژی دەزگای ئاسایشی نیشتمانی ڕایگەیاند، سەبارەت بە هێرشە تاوانکارییەکە، بارەگای دەزگای ئاسایشی نیشتمانی لەلایەن گروپەکانی دەرەوەی یاساوە هێرشیکراوەتەسەر.

ئاماژەی بەوەشکردوە، هێرشەکە لەڕێگەی موشەکەوە بوە، تەنها زیانی ماددی بەر ئۆتۆمبێل و بینای دەزگای ئاسایشی نیشتمانی کەوتوە.

جەختیشیکردەوە، دەزگای ئاسایشی نیشتمانی بەدواداچون بە ئەنجامدەرانی ئەو هێرشە تاوانکارییانە دەکات و دەیانخاتە بەردەم دادگا.